کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
28-11-2007 22:50بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## مۆسیقا ... ئازاد سۆرانی

ئه لێن مۆسیقا خۆراکی گیانه!!
بۆ ده ردی سه ری هه ر
ئه و ده رمانه
هیچ مۆسیقایه ک،
ئاگا به و نه غمه ی
له جووت لێوانت ده ست،
به بزوانه
ئاوازی ده نگت،
ده رمانی دڵه
جۆش و خرۆشه
وه ک نازی گوڵه
کاتێ دێته گوێم،
ئه و ده نگه خۆشه
ئیتر ناخۆشیم
روو له نه مانه
هه وره بروسکه ی
ئاسمان بۆ زه وی
نیشانه ی خێره و
خۆشی ئه به خشێ
خه نده ی لێوانت
هه وریکه، گیانه
زینده گی به خشه
به و دڵه م بێ گیانه
هیچ مۆسیقایه ک
وه ک و ده نگی تۆ
ناخاته سه ما،
ئه و دڵه م گیانه
له لات سه یر نه بیت
گه ربێت و بڵێم
ده نگه نه رمه که ت
خۆراکی ژیانه
له و رۆژه ی که دڵ
پێت ئاشنا بووه
هه رده م کاروانی
روه و مالتانه
ئه وه ی بۆ جارێک

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

گوێی لە خە ندە ت بێت
ئیتر هە میشە،
مە ست و حە یرانە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.